




# ئەڤەتار

## ئەندێشەیەکی پڕ ئەفسوون
## شاکارێکی تری دەرهێنەرێکی پڕ ئەزموون

جەمیل عەلی

### ئەڤەتار – داستانێکی بەرەنگاری لە ئەندێشەیەکی زانستیدا

ئەڤەتار کە فیلمێکی ئەمریکیی ئەندێشەی زانستییە و لە نووسین و دەرهێنانی جەیمس کامیرۆنە ، باسی ساڵی ٢١٥٤ دەکات کە تیایدا مرۆڤەکان لـەدووی چاوگ و کانەکانی کانزایەکی گران بەها دەگەڕێن بەناوی unobtanium لە سەر پاندۆرا، کە مانگێکی دەوڵەمەند و پڕ سامانی زەوی ئاسای هەسارەی (Polyphemus)ـــــە و لە سیستمی ئەستێرەیی Alpha Centauri دایە کە



نزیکترین سیستمە لە زەوییەوە و پڕشنگدارترین ئەستێرەشە لە ئاسماندا.

دانیشتوانی سەر پاندۆرا لە نەژادی Na.vi ین کە بوونەوەرێکی ژیرن و بالاّیان دە پێ بەرزە و رەنگی پێستیان شینە ولە شێوە و روخساردا لە مرۆڤەوە نزیکن. ئەم نەتەوەیە بە هەماهەنگیی لەگەڵ سروشتدا دەژین و خواوەندێکی مێینە دەپەرستن بە ناوی Eywa. پاوانخوازیی مرۆڤە داگیرکارەکان هەڕەشە لەمانەوە و ژیانی ناڤییەکان و سیستمی ژینگەیی مانگەکە دەکات و تایتلی فیلمەکەش ئاماژەیە بە جەستەیەکی ناڤییانە کە ناوی ئەڤەتاری لێنراوە و بە ئەندازەی بۆماوەیی بەرهەمهێنراوە و مرۆڤەکان خۆیانی تێدا بەرجەستەدەکەن بۆ پەیوەندییکردن و ژیان لەگەڵ دانیشتوانی رەسەنی پاندۆرا.

هەروەك چۆن لە فیلمی سەما لەگەڵ گورگدا مولازم جۆن دەنبار کە کێڤن کۆستنەر رۆڵی دەبینێت ، لە سەربازێکی نیزامییەوە دەبێتە ئەندامی خێڵێکی هندییە سوورەکان و بەتوندی و ئازایەتیەکی بێوێنەوە بەگژ هاوڕێ و ئەفسەرە سەربازییەکانیدا دەچێتەوە بۆ رێگرتن لە داگیرکردنی خاك و زێدی ئاژدایان ، قارەمانی فیلمی ئەڤەتاریش کە عەریف (Jake Sully)یە و Sam Worthingtonکەسایەتییەکەی بەرجەستەدەکات لە ئەندامی تیمێکی تایبەتی ئاساییشی کۆمپانیاکانی دەرهێنانی کانزاکانەوە لە جەستەی ئەڤەتارێکدا دەگۆڕێتە سەرجەنگاوەرێکی بەرگریکار لە مانەوەی سەرخێلێکی سەرەکیی و ئەندامانی خێڵەکەی و تەواوی دانیشتوانی رەسەنی پاندۆرا، بەتایبەت پاش ئەوەی دەچێتە پەیوەندییەکی ئەوینداریەوە لەگەڵ کچی سەرخێڵەکەدا. بەوەش پێکدادان و

بەرەنگارییەکی سەخت لەنێوان ناقییەکان بە رابەریی جەیک وئەڤاتەرە داگیرکارەکاندا سەرهەڵدەدات لەسەر ئەو ناوچەیەی خێڵە سەرەکییەکەی تێدا نیشتەجێیە.

### بەرهەمهێنان – خولیایەکی دێرین و بەدیهاتنێکی زێرین

پەرەپێدانی بیرۆکە و چیرۆك و سیناریۆی فیلمی ئەڤەتار لە ساڵی ١٩٩٤وە دەستی پێکرد کاتێك کامیرۆن لە ماوەی تەنیا دوو هەفتەدا سیناریۆیەکی هەشتا پەڕەیی نووسیی و قەراربوو وێنەگرتنەکە لە پاش تەواوبوونی تایتانیکەکەی کامیرۆن لە ساڵی ١٩٩٧ دا بەڕێوەبچێت و لە ساڵی ١٩٩٩دا بڵاوبکرێتەوە بەڵام بەپێی وتەکانی کامیرۆن تا ئەو کاتە هێشتا ئەو تەکنەلۆژیایە لەبەردەستدانەبوو بۆ ئەوەی ئەندێشەکەی بکاتە وێنەیەکی بینراو لەبەر ئەوەی فیلمەکە پێویستی بە ئەکتەری بەکۆمپیوتەر خوڵقێنراو هەبوو. لەمەوە کامیرۆن بڕیاریدا لە ساڵانی داهاتوودا بایەخدان بە فیلمی دۆکیومێنتەری چڕ بکاتەوە و ئیش بکات لەسەر پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای پێویست بۆ پرۆژەکە. لە کانونی دووەمەوە بۆ نیسانی ٢٠٠٦ ، کامیرۆن لەسەر نوسینی فیلمەکە کاری کرد و پەرەیدا بە کلتوری نامۆکانی نێو فیلمەکە و زمانێکی تایبەتیان بۆ بەرهەمهێنرا کە لە هەزار وشە پێکدێت و کامیرۆنیش ٣٠ وشەی خستەسەر. لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ دا کۆمپانیای 20th Century Fox بەتەواوی رەزامەندی دەربڕی بۆ بەرهەمهێنانی فیلمەکە ولەبنەڕەتدا بودجەی فیلمەکە بە ٢٣٧ملیۆن دۆلار خەمڵێندرا بەڵام بەتێپەڕبوونی کات ئەو بودجەیە رووی لەزیادبوون کرد و لە دواین ساتەکانی پێش بڵاوبوونەوەی فیلمەکە لە کەناڵ و ئاژانسەکانی هەواڵ و سینەما ماگازینەکاندا بودجەی خەرجکراوی کۆتایی فیلمەکە بە ٥٠٠ ملیۆن دۆلار راگەیەندرا و سەرەنجام ئەو خەون و خولیا دێرینەی ساڵانی نەوەدی سەدەی رابردووی کامیرۆن لە پێش کۆتایی هاتنی یەکەم دەیەی سەدەی بیست و یەك بەدیهات و جارێکی تر ناوی کامیرۆن و ئەندێشە و روانین و وجێپەنجەکانی لە نووسین و مۆنتاژ و دەرهێناندا بەنەخشێك لە زێڕ لە تۆماری هۆلیووددا نووسی.

### کاریگەرییە وێنەییەکان – دیزانێك لە لوتکەکانی داهێناندا

بۆ ئەم فیلمە پڕ خەرجیە و بۆ سەرخستنی پرۆژەکە ، کامیرۆن بووە ئەفرێنەری کامێرایەکی بەتایبەتی دیزاینکراو کە رێگەدەدات بە وێنەگرتنی دەربڕینە رووخسارییەکانی ئەکتەران و تۆمارکردنی بەشێوەیەکی دیجیتاڵیی بۆ دیمەنەکانی ئەنیمەیشن لە کاتێکی تردا. چەندین تەکنیك بەکارهێنراون کە بە شۆڕش دادەنرێن لە کاریگەرییە وێنەییەکاندا. بە پێی وتەکانی کامیرۆن ئەو میتۆدە دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ فیلمسازان کە ئەدای جەستەیی ئەکتەرە راستەقینەکان بەرێژەی لە ١٠٠٪ بگوێزنەوە بۆ ئەکتەرە هاوشانەکانیان کە بە دیجیتاڵ وێناکراون.

### موزیك – کار کردنەوە لەگەڵ جەیمس هۆرنەر

ئاواز دانەری موزیکی فیلمەکە کۆمپۆزەری بەناوبانگ و براوەی خەڵاتی ئۆسکار جەیمس هۆرنەرە کە بۆ سێیەم جارە لە پاش هەردوو فیلمی Aliens و تایتانیك لەگەڵ کامیرۆن کاردەکات. هۆرنەر پێشتر لە فیلمی تایتانیکدا ئۆسکاری وەرگرتووە بۆ موزیکی فیلمەکە. ئەو ئاوازدانەرە ناوداره کە موزیکی بۆ چەند شاکارێکی سینەمایی تردا داناوە لە مانگی مارتی ساڵی ٢٠٠٨دا بەشێك لە موزیکەکەی لەگەڵ کۆرسێکی بچووکدا تۆمارکردووە کە بە زمانی ناقییەکانی ناو فیلمەکە گۆرانی دەچڕن. لەگەڵ واندا بریانت زانای بواری دیراسەکردنی ئەو موزیکانەی کلتورێکی خۆرئاواییان نییە و بە (ئێتنۆمیوزیکۆلۆژیی ethnomusicology) ناسراوە کاری کردووە بۆ بەدیهێنانی کلتورێکی موزیکیی





بۆ ئەو نەژادە نامۆیەی لە فیلمەکەدایە.
لە دانانی ئاوازەکەدا هۆرنەر دوو ئاوازی جیاوازی تێکەڵکردووە و پێکەوە ڕێدەکەن. یەکەم جار ئەو سکۆرەی تۆمارکردووە کە ڕەنگدانەوەی شێوازی دەنگیی ناڤییانەیە و خستویەتییە پاڵ سکۆرێکی کلاسیکیی جیا و لە فیلمەکەدا دانراون. لیۆنا لویس گۆرانیبێژی





ئینگلیزیی هەڵبژێردراوە بۆ چڕینی گۆرانی فیلمەکە بەناوی من دەتبینم I See You.

## نمایش –شکاندنی چەندین ریکۆردی پێوانەیی و خاوەن زۆرترین داهات لە مێژوودا

لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩دا ئەڤەتار لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا پریمییەر واتە نمایشی یەکەمی بۆ کرا و لە ١٦ی هەمان مانگدا لە سەرئاستی نێودەوڵەتیی و لە ١٨ی ئەو مانگەشدا لە ئەمریکای باکور نمایشی سینەماکان دەستی پێکردو دەستبەجێ نرخاندنی رەخنەگران وسەرکەوتنی دارایی وبازرگانیی بەدوای خۆیدا هێنا. لە بڵاوکردنەوەیدا فیلمەکە چەند ریکۆردێکی پێوانەیی بۆکس ئۆفیسی شکاندو بووە پڕداهاتترین فیلمی مێژوو لەسەرئاستی جیهان و (١,٩١٧,٤١٩,٤٦٠) دۆلاری پەیداکرد و تایتانیکی تێپەڕاند کە لە ١٢ ساڵی رابردوودا ریکۆردی پێوانەیی هەبوو.

بە بڕوای ڕاڤەکاران چەند هۆکارێکی گرنگ لە پشت ئەو سەرکەوتنە بەرچاوەی ئەڤەتارەوەن لە بۆکس ئۆفیسدا، گرنگترینیان ئەوەیە ئەڤەتار لە پێگەیەکدایە کە ناوازەیی و بێوێنەیی پێ بەخشیوە بە واتای ئەوەی هیچ ماتریالێك یاخود کەرەستەیەکی لە پێشینە نییە کە فیلمەکە سوودی لێوەرگرتبێت. دەکرێت فیلمەکە کۆکراوەی چەند فیلمێك بێت وەك چیرۆك و بیرۆکە و بابەت بەڵام هیچ هاوشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێشتری نییە وەك فیلمە پڕداهاتەکانی تر هەیانبووە بۆ نموونە تایتانیك (ڕووداوێکی مێژووییە) The Lord of the Rings، (نووسینێکی ئەدەبییە). لەبەر ئەوە کالایەك بوو فرۆشتنی قورس بووبۆیە دەستکەوتەکانی زۆر سەرنج راکیش بوون. لە وەڵامی ئەو سەرکەوتنە مەزنەی فیلمەکەشدا تۆم رۆسمان سەرۆکی فۆکس فیلمس ڕوونیکردەوە « ئەو فیلمە پێمان دەڵێت کە ئێمە لەسەر ئەم هەسارەیە خاڵی هاوبەشی زیاترمان هەیە لەوانەی دابەشمان دەکەن.

## پەیامەکان – بانگەشە بۆ ئاشتی و گەشتی خۆدۆزینەوە

ئەگەرچی ئەڤەتار چەندین دیمەنی دراماتیکی پێکدادان و ڕووبەڕووبوونەوەی تێدایە بەڵام فیلمێکیشە دەربارەی ئاشتی. لە بنەڕەتدا ئەم فیلمە کە ١٦٢ دەقیقەیە گەشتێکی پڕ لە ئەکشن و سەرکێشییە بۆ خۆدۆزینەوە. کامیرۆن وتویەتی ئیلهامی ئەم فیلمە (هەر تاکە کتێبێکی ئەندێشەی زانستییە کە بە منداڵی خوێندبێتمەوە). ئاماژەی بۆ ئەوەشکردووە کە فیلمەکە هاوبەشە لەبابەتدا لەگەڵ چەند فیلمێك کە پێکدادانی نێوان کلتوروشارستانییەتەکان پیشان دەدەن، هەروەك لەسەرەتاوە ئاماژەی پێکرا ،-دەرهێنەری فیلمەکە رایگەیاندووە ئەڤەتار پەیوەندیی هەیە بە سەما لەگەڵ گورگ کە تیایدا سەربازێك خۆی دەبینێتەوە ڕاکێشراوەتە ناو کلتورێکەوە کە لە سەرەتادا لە دژی شەڕی دەکرد.

## کۆتایی – گومان و پرسیارەکان بەها و نرخ بە فیلمەکان دەبەخشن

بە بڕوای کامیرۆن ئەگەر هەر کەسێك ئامێزی بکردایەتەوە بۆ فیلمەکە پێش بینینی ڕاستەقینە هەرگیز فیلمەکە نەدەگەیشتە ئاستی ئەو پێشبینیانە. بە بڕوای من بوونی ئەو گومانە وئەو مشتومڕەی ئێستا لە بارەیەوە بە بێ دوودڵی فیلمەکەی بردۆتە شوێنی دروستی خۆی. ئەو شوێنەی کە بینەران بەجۆرێك لە هەستی ویستنی دۆزینەوەی وەڵام بۆی دەچن و ئەو هۆڵی سینەمایانەیە کە گڵۆپەکانیان خامۆش دەکرێن.